# سەرنجێک لەسەر (زۆر)

ئامادەکردنی: م. عبدالله عبدالقادر علي

پێنجشەممە (٢٩-٢-٢٠٢٤)

**هەمووومان بەوە ئاشناین، کە (زۆر) لە کتێبەکانی خوێندنگە زیاتر بە (هاوەڵناو) و (هاوەڵکار) و لە کتێبی پۆلی (١٢)شدا بە (ڕادەی هاوەڵناوی) و (ڕادەی هاوەڵکاری)یش باسکراوە.**

**بەڵام من ئەم سەرنجەی خوارەوە دەخەمەڕوو، لەوانەیە تۆزێک قەبووڵکردنی قورس بێت، بەڵام مایەی گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوە و وردبوونەوەیە لێی، ئەویش ئەوەیە کە (زۆر) لە هەندێک باردا، یان لە هەندێک وشەی ناسادەدا (ناو)ە، نەک ئەوانەی سەرەوە. بۆ نموونە:**

**١- وشەی (زۆردار): هاوەڵناوێکی داڕێژراوە، یاساکەی بریتییە لە: [زۆر (ناو) + دار (پاشگر)].**

**بە ڕای من، (زۆر) لە وشەی (زۆردار)دا ناوە، کە (زۆر) واتای (هێز، ...) دەدات.**

**(زۆردار)یش واتە (خاوەن زۆر. خاوەن هێز، ...).**

**نموونەش لە ڕستەدا:**

**ئەو مرۆڤێکی زۆردارە. واتە (ئەو مرۆڤێکی خاوەن هێزە.)**

**زۆردار: هاوەڵناوی داڕێژراوە، دیارخەری ناوی (مرۆڤێک)ە.**

**٢- وشەی (بەزۆر): هاوەڵکارێکی داڕێژراوە، یاساکەی بریتییە لە: [بە (پێشگر) + زۆر (ناو)].**

**بە ڕای من، (زۆر) لە وشەی (بەزۆر)دا ناوە، کە (زۆر) واتای (هێز، ...) دەدات.**

**(بەزۆر)یش واتە (بەهێز، ...).**

**نموونەش لە ڕستەدا:**

**دەرگاکەم بەزۆر کردەوە. واتە (من دەرگاکەم بەهێز کردەوە.)**

**بەزۆر: هاوەڵکاری داڕێژراوە، تەواوکەری کاری ڕستەکەیە.**

**هەرچەندە لە کتێبی (کوردی)ی پۆلی (١٢)، لاپەڕە (٦٧)، نووسراوە:**

**بەزۆر: هاوەڵکاری داڕێژراوە، یاساکەی بریتییە لە: [بە (پێشگر) + زۆر (هاوەڵکار)].**

م. عبدالله عبدالقادر علي